## بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان كاك مەسعود بارزانی

## بەڕێز كاك نێچیرڤان بارزانی

سڵاوتان لیّ بێت

**ئەونامەیەی كەئێستا بۆهەردوو بەڕێزتان بەرزی دەكەینەوە، بە ئاگاداری‌و ئیمزای (٥٠) پەنجاكەس نووسراوە،كەهەر هەموویان خەڵكی ناحیەی دارەتوون و،هەر هەمووشیان ئێستا پێشمەرگەی پارتین وخاوەنی شەهیدن ، تەنانەت هی وای تێدایە خاوەنی زیاتر لە (١٢)دوانزە شەهیدو ئەنفال كراوە ، بەكورتی، ئێمە هەمیشە لە رۆژانی سەختی پارتی دا ، پێشمەرگەوهێرشبەری پارتی بووینەو ژیان وچارەنووسی خۆمان لەگەڵ پارتی داناوە، بۆیە كە ئەو نامەیەتان بۆ دەنێرین، لەدڵەوە بڕوامان وایە ،بەرلەوەی لە بەرژەوەندی ئەوخەڵكەی دارەتوو بێت ، لە بەرژەوەندی پارتی دایە ،كە مدیر ناحیەی دارەتوو بگوازنەوەبۆ شوێنێك كەلەدەشتی هەولێرزۆر دوور بێت . دڵنیا بن ئەنجامدانی ئەوكارە لە بەرژەوەندی پارتی و رێبازی بارزانییە، ئەو بارزانی نەمرەی كە گوێی بۆ داخوازی منداڵێك شل دەكرد،نەك پێشمەرگەوخزموكەسی شەهیدوئەنفال كراو.**

**بەڕێزان هەر لەرووی دەروونیشەوە، ناكرێ یەكێك تا راپەڕینی ١٩٩١ بارەگای فەوجی لەدارەتوو بووبێت وخەڵكی ئازاروئەشكەنجە دابێت و، ئێستاش تا سەر ئێسقان گەندەڵ بێت، كەچی گوێمان لیّ نەگیرێت، ئێمە نەمان گوتووە پەلكێشی دادگای بكەن، چونكە دڵنیاین، خوێنی ئەم هەموو خەڵكەی كە تا ئێستاش كەس نازانیّ قەبرەكانیان لە كوێیە،مافی ژیان بۆ ئەو مدیر ناحیەیە نامینێت، بەڵام ئێمەداوا دەكەین نەیكەن بەواجیهە،ئەمەیان خەتەرە . تكاتان لیّ دەكەین كارێك بكەن دڵمان بە پارتی زیاتر خۆش بێت ،وامان لیّ مەكەن شەهیدەكانیشمان كە هەندێكیان تا ئێستا كفن نەكراون، دوو مەتر زەوییان بەر نەكەوت ، كارێك بكەن ماڵ و منداڵی شەهیدەكانمان تۆزێك تەنها نۆزێك ئاسوودە بن.**

**بەڕێزان ئێوە كەرازی نین ئاڵای بەعس لەكوردستان هەڵبكریّ ، ئەی چۆن رازین بەعسیەكان ، ئەو بەعسیەی فەوجی لە دارەتوو بوو ، ئێستا بە ناوی پارتی بكریّ بە واجیهە ، واجیهەی شوێنێك كە پێشتر فەوجی لیّ هەبووەو ئازاری خەڵكیشی زۆر داوە.**

**٥٠ پێشمەرگەی پارتی**

**هەموویان خاوەنی شەهیدو ئەنفال كراون**